# بۆ کاک ئەمجەد و ئەو ڕێزدارانەی

# دەماری پاشداماییان بە ڕوونکردنەوەکەمان ڕەپ بووە!

دارا ئەحمەد

**- بەشی دووەم (کۆتایی) -**

**(سانسۆر و دەمکوتکردن و تاساندنی ئازادیی و هەڵاواردن و جیاوازیکردن و ڕێگەگرتن...).**

**ئەوە نیو دەستە وشەیە، ئەگەر دەستەیەکی تەواویشی لەو وشانە بدایا پاڵمان ئەوە بۆ ئەو هەر ڕاست دەردەچوو! چونکە ئەو دەیەوێ هەر لە ختوخۆڕا بە وشەی نەرێنیی تۆمەتبارمان بکا جا وشەکان چی دەگەیەنن یان لە بەکارهێنانیان بەرامبەر بە ئێمە دەگونجێن یان نا ئەوە گرفتی ئەو نەبووە، دەنا دانانی مەرجێک لە ماڵپەڕی ئەمڕۆ کە بابەتی کەسانی هەڵگری ناساوی کۆنەپەرستانەی (خێڵەکیی و ناوچەگەریی) بڵاوناکاتەوە بە هیچ جۆر و شێوە و شێوازێک و چ لە دوور چ لە نزیک پەیوەندیی بەو وشانەوە نییە - بە واتای ئەو وشانە لە نێو ئەو باسەدا - کە ئەو بە هۆیانەوە ئێمەی پێ تۆمەتبارکردووە:**

**• سانسۆرکردن: بە واتای بڕین و دەستکاریکردنی وشە و ڕستە و پەرەگرافەکانی بابەتێک لە لایەن کەسێک یان دەزگەیەک کە بابەتی کەسێک یان کەسانێکیان دەکەوێتە بەردەست بۆ بڵاوکردنەوە.. ئیدی بە ئارەزووی خۆیان و بە پێی ڕەوتە سەرکوتگەرییەکەی ئایدیۆلۆژیایەکەیان کلک و گوێی بابەتەکە دەکەن، ئێمە هەرگیز کاری لەو جۆرەمان نەکردووە و ناشیکەین، لێ مافی خۆمانە هێندێک بابەت کە بەلای ئێمەوە دژە مرۆیین یان ناسناوی نەرێنییان پێوەیە بڵاویان نەکەینەوە.**

**• دەمکوتکردن: ئێمە هەرگیز نەمانگوتووە نابێ ئازاد یان نەوزاد قسە نەکەن، لای ئێمە هەر کەسێک ئازادە بۆ خۆی چی دەبێژێ، لێ ئێمە بە پێی ڕوانگەی خۆمان کاتی زێڕینی خۆمان بۆ بابەتگەلێکی کۆنەپەرستانە و دژەمرۆییانە بە فیڕۆ نادەین و نامانەوێ لە ڕاژەی کەسانێک بین کە شانازیی بە بنچینە خێڵەکیی و ناوچەگەریی و دینییەکانیانەوە دەکەن و ناسناوی نەرێنییان لێ دادەتاشن و خۆیانی پێ بادەدەن.**

**• تاساندنی ئازادیی: ئەوەیە کە زۆر بە توندیی بەرانگژی ئازادیی ببیەوە و سووک و ڕیسوای بکەی، نەک ئەوەی کە ئێمە ناهێلین بە ناوی ئازادییەوە ئازادییەکانمان پێشێل بکرێن وەک ئەوەی کە بەرێزت دەتەوێ سەرکوتی ئازادیی ئێمە بکەی و بە قسەی گەورەی ئازادیخوازییش ناچارمان بکەی لە ڕاژەی ناسناوی کۆنەپەرستیی بین و دژ بە خۆمان بوەستینەوە.**

**• هەڵاواردن: واتە هاوێرکردنی قلێک یان هێندێک لە کۆمەڵێک یان لە گشت، نەک ئەوەی ئێمە کە پێمان باشە تۆ و ئەو کەسانەی هەڵگری ناسناوی کۆنەپەرستیین بەو گشتە چاکە بچن کە ناوەکانیان یان ناسناوەکانیان هیچ زیانێکی بۆ**

کەس نییە، ئەوە دەشێ بەڕێزتان بن کە دەتانەوێ بە ناسناوی نەرێنیی خۆتان هاوێر بکەن و بۆ خۆدەرخستن و خۆسەپاندن سوود لە هێزی ستەمکاریی خێڵ و خاوەندارێتیی ناوچە و دین و تەریقەت و... هتد وەربگرن.

• **جیاوازییکردن:** لێرەدا واتای ئەوە دەگەیەنێ کە وا بکەی ماف و ئازادییەکانی هێندێک لە هێندێک جودا بێ و یان هێندێک هەیانبێ و هێندێکیش نەیانبێ، ئێمە ماف و ئازادیی بۆ هەموو کەسێک وەک یەک دەسەلمێنین، لێ ڕێگە نادەین یان کاتی خۆمان بەو کەسانە بەفیڕۆ نادەین کە لەسەر ماندیبوونی ئێمە بژین و ڕێ لە ئازادییەکانمان بگرن و ناسناوی نەرێنییمان بەسەردا بسەپێنن، ئەوەش پێی ناگوترێ جیاوازییکردن بەڵکە ڕێچکەیەکی کارکردنمانە بۆ بڵاوکردنەوەی فەرهەنگێکی پێشڤەڕۆیانە، ناشمانەوێ تەکیە و دیوەخانان بۆ خێڵ و ناوچەگەرەکان و دەروێشانی تەریقەت و دینەکان دابمەزرێنین.. زۆر شوێنی دیکە هەن بوونەتە تەکیە و دیوەخان.. ئێمە ڕێمان لێ نەگرتوون و با بچەنە ئەوان شوێنان کە پێشوازییەکی پاشاییانەشیان لێ دەکەن!

• **ڕێگەگرتن:** بە پێچەوانەوە.. ئێمە ڕێگەیەکی فراوانمان بۆ هەموو ئەوانە کردۆتەوە کە دەیانەوێ کاری ڕاشکاوانە و پێشڤەڕۆیانە بکەن.. لێ میدیای حیزبەکان و دەسەڵاتداران دەیانەوێ بیانکڕن و بیانفرۆشن.. میدیایە بە ناو ئازاد و سەربەخۆکانیش کە هەر هەموویان لە بنەوەڕا سەر بە دەسەڵات و حیزبەکانن یان سەر بە کەسانێکن کە دەزگەکەیان خستۆتە ڕاژەی خۆدەرخستن و پەیداکردنی بژێوی ژیانیان و ڕێگەخۆشکردن بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتێک.. بێ ڕێزییان پێ دەکەن و بە گوێرەی داوا و خستنەڕووی بازاڕی ئازاد بازگانییان پێوە دەکەن، ئێمە ڕێگەمان لە بڵاوبوونەوەی بابەتی کەس نەگرتووە و تەنیا گوتوومانە نامانەوێ لە ڕاژەی ناسناو و نێوەرۆکی کۆنەپەرستانە بین.

ئێمە ڕێگەمان لە کەس نەگرتووە کە خەڵک چ ناسناوێک بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن.. ئەوە نەک مافی ئێمە نییە بەڵکە مافی هیچ کەسێک نییە، بەڵام ئێمە نامانەوێ بابەتی خەڵکانێک بڵاوبکەینەوە کە خۆیان پێ پێشڤەڕۆیە و ناسناوی نەرێنییش هەڵدەگرن.. چونکە وا دەزانین ئەو دیاردەیە زیان بە فەرهەنگی پێشڤەڕۆیانە دەگەیەنێ و زیانەکەشی ئەوەیە کە دەبێتە هۆیەک بۆ پاراستنی پەیوەندییە کۆنەپەرستییە خێڵەکیی و ناوچەگەرییەکان، ژمارەیەکی زۆر کەم لە نووسەر و ڕۆژنامەنووس هەن ئەو ناسناوە نەرێنییانەیان هەبێ و کەسانی ڕۆشنگەر و پێشڤەڕۆش بن.. ئەوانیش یان بە هەر جۆرێک هەبووە لە سەردەمێک لە سەردەمەکان تووش بوونە یان بێ ئاگا ئەو ناسناوانەیان هەڵبژاردوون، زۆربەی هەرە زۆری کەسانی هەڵگری ناسناوی نەرێنیی هزر و خولیا و ئارەزوویەکی خێڵەکییانە و ناوچەگەرییانەیان هەیە و ئەگەر بە هۆی کاریگەریی هەژموونی فەرهەنگی ڕۆشنگەرانە نەیانتوانیبێ لە دوتوێی بەرهەمەکانیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پاڵپشتی ڕەوتی کۆنەپەرستانە بکەن ئەوە ناڕاستەوخۆ و تاکتیکبازانە جوولەجوولەکیان هەر کردووە یان هیچ نەبێ ئەو هزر و خولیا و ئارەزووانەیان ڕەنگیان لەسەر هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەیان داوەتەوە، بۆیە ڕەتکردنەوەی ناسناوی نەرێنیی لە لایەن ئێمەوە بەرامبەر زۆربەیە نەک بەرامبەر تاکوتووکێک لەوانەی ناسناوە نەرێنییەکانیان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر بەرهەم و هەڵسوکەوتەکانیان نییە، جا پێویست ناکا ئەو تاکوتووکانە ئازادیی بە خۆیان بدەن و ئازادیی ئێمەش پێشێل بکەن لەوەی کە دەمانەوێ هەڵوێستێکی پێشڤەڕۆیانە بەرامبەر ناسناوە ناوچەگەریی و خێڵەکییەکانی ئەو زۆرینە نەرێنییە دەرببڕین، ناشکرێ بانێک و دوو هەوا هەڵسوکەوت بکەین و لە پێناو ئەو تاکوتووکانە ملکەچی زۆرینەکە ببین و ئەوانیش خۆیان بە قوربانی ئەو زۆرینەیە بکەن و لە بەرامبەر ئێمە سەنگەر بگرن و بکەونە سەنگەری ناوچەگەر و خێڵەکییەکان و بە ناوی ڕێزگرتن لە هەڵبژاردن و بۆچوون و دیدی

**خەڵک ئازادییخوازییمان بەسەردا بفرۆشن، لە هەمووشی عەنتیکەتر ئەوەیە کە دێن لە کەلێنەکانی ئەو قسەیەی کە دەڵێ: "ئازادیی تۆ لەو جێگەیە کۆتایی دێ کە ئازادیی من دەستپێدەکا." سەرەدیقانێ لەگەڵ ئازادییەکان دەکەن و بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەیانگونجێن، واتە دێن و دەیانەوێ لە سەردەمی پۆست مۆدێرینیزمە ئابڕووچووەکە بە تیر و شیری ناسناوە کۆنەپەرستییەکانیان یەکبوون و یەکێتیی کۆمەڵ هەڵبوەشێننەوە و مرۆڤەکان بەسەر تیر و هۆز و خێڵ و دین و دەڤەران دابەش بکەن و خەڵکانی وەک ئێمەش ناچار بکەن کە لە راژەی ئەو جۆرە ناسناوانەیان بین و کاریان لەگەڵ بکەین.. ئەوەش گوایە سنووری ئازادیی ئەوان دەستی پێکردووە و ئازادیی ئێمە تەواو بووە و مافی ئەوەشمان نییە دژی کۆنەپەرستیی بوەستینەوە بەڵکە دەبێ فزە لە خۆمان ببڕین ئەگەر نا ئەوە ئێمە پێشێلکەریی ئازادییەکانین!!!**

**ئەگەر کاک (ئەمجەد)یش پێش ئەوەی لە دایک ببێ هەر (شاکەلی) بووە.. ئەوە ئێمە لە کونەدیوار هاتووینەتە دەر و نە (شاکەلی و ماکەلی)یان دەناسین و نە دەشمانەوێ لەتەک (شاکەلی و ماکەلی)یاندا کاربکەین و لە راژەیان بین، ئەگەر گەرەکیشیەتی تۆبزیی بکا ئەوە شتێکی دیکەیە!**

**دەبێ بۆچی کەسێکی وەک کاک ئەمجەد وا بە هەڵەدا بچێ کە سیستەمی (سێ ناویی) سیستەمی سەقەتی سەدامە، ئەمن دڵنیای دەکەمەوە هێشتا سەدام لەدایک نەببوو ئەو سێ ناوییە لە کوردستانی باشوور هەر هەبووە، باوک و باپیری من و پاپیری باوکیشم هەر بە سێ ناویی هاتوون و زۆربەی خەڵک پێش دەسەڵاتدریی سەدامیش هەر سێ ناویان هەبووە، هەموو مەبەستەکەی سەدام هەر ئەوە بوو کە پێی نزمیی بووە کوڕە هەژارێکیش وەک ئەو ناسناوی تکریتیی هەبێ و دەیویست دیکتاتۆرییانە تەنیا خۆی تکریتیی بێ و لەسەر خۆی تاپۆ بکا. ئەوە بیانوویەکی چەند لاوازە، ئەگەر بەو قسە بێ کە سەام دەیگوت ئێمە کۆمەڵێکی سۆشیالیستیی دادەمەزرێنین یان دامانمەزراندووە.. ئەوە نابێ ئێمە باسی کۆمەڵی سۆشیالیستیی بکەین چونکە سەدام پێشتر وای گوتووە! دواییش ئەگەر لە روونکردنەوەکەی ئێمەی بگەیشتبا ئەوە بۆی دردەکەوت کە ئێمە نە گوتوومانە دەمانەوێ سێ ناویی بسەپێنین نە گوتوومانە دژ بە ناسناوین بەڵکە گوتوومانە نامانەوێ بابەت بۆ ئەو کەسانە بڵاوبکەینەوە کە ناسناوی نەرێنییان هەیە نەک هەموو ناسناوێک، هەروا باسی ئەوەشمان نەکردووە سیستەمی ناساوی ئەوروپا تێکبدەین بەڵکە ئەوە سیستەمی خۆیانە و بۆ خۆیانە، نەشمانگوتووە دەمانەوێ سیستەمی سێ ناویی بەسەر دانیشتووی بەریتانیای بەناو پێشکەوتوو و دانیشتووی ئەوروپای دیموکراسییە پەرپووتەکە بسەپێنین، دیارە سیستەمی ناسناوی ئەوان وەک ناسناوە خێڵەکیی و ناوچەگەرییەکەی ئێمە نییە و وەک هی ئێمەش نەرێنیی نییە. ئەو نموونە هێنانەوەی بەوەی کە کاتێک خەڵکی لای خۆمان دێن بۆ ئەوروپا بە هۆی سێ ناوییەکەیان گرفتیان بۆ دروست دەکەن و سیستەمەکەیان دەشێوێنن.. ئەوە هیچ پەیوەندیی بە بابەتەکەی ئێمەوە نییە و ئەو خەڵکانە و خەڵکی ئەوروپاش دەتوانن ئەو کێشەیە بۆ خۆیان چارەسەر بکەن، ئێمە تەنیا گوتوومانە کەسانێکی لای خۆمان کە ناوی خۆیان و باوکیان یان دایکیان هەیە بۆچی هەستی ناوچەگەریی و خێڵەکیی و دینیی وایان لێ بکا کە ناسناوی نەرێنیی بە خۆیانەوە بلکێنن، ئەگەر هەر واش دەکەن ئەوە ئازادن بەڵام ئێمەش ئازادین و نامانەوێ لە راژەی ئەو جۆرە کەسانە بین و بڕایەوە .**

**فرتوفێلکردنی کەسێک بە هۆی بەکارهێنانی سێ ناویی یان چوار ناویی پەیوەندیی بە هەبوونی سێ ناویی یان چوار ناوییەوە نییە، بەڵکە پەیوەندیی بە خراپی کەسەکە و سیستەمەوە هەیە، بە پێچەوانەوە فرتوفێڵکردن بە دوو ناویی**

یان بە (ناو و ناسناو) زۆر ئاسانترە، ئەو قسەیەش هیچ پەیوەندییەکی بە بابەتەکەی ئێمەوە نییە و هەرگیز چاکیی و خراپیی هیچیانی پێ ناسەلمێ.

مەسەلەی کابرای عەرەبی عێراقی لە باسی ناوی کاکەحەمە هیچ پەیوەندیی بە بابەتەکەی ئێمەوە نییە، لە راستییشدا بەڕێزتان ڕێزت بۆ ناسناوەکانی وەک (دڵشووشە و دڵبرین و سەرئارام و دڵخۆش و ناوی دیکەی لەو بابەتانە) دانەناوە و بەڵکە بێرێزییت پێ کردوون و ڕێزێکی زۆریشت بۆ ناسناوە کۆنەپەرستییەکان داناوە، کە دەشبێژی: "بەڵام هەر ناوێکی سێیانی لە بەردەم سەرای سلێمانی یا شێخەڵڵای هەولێر یا ئەحمەداغای کەرکووک بانگکە، دەیان مرۆڤ وەڵامت دەدەنەوە." ئێمەش دەبێژین دە خێر بڵێ کاک ئەمجەد! لە راستییدا ئەو قسەیەت زۆر دوورە لە راستیی، ئەمن ئامادەم گرەوت لەگەڵ بکەم کە بچی بە هەزاران جار لەو بازاڕەی شێخەڵای هەولێر بانگ بکەی (دارا ئەحمەد ئیبراهیم) ئەگەر بێجگە لە خۆم تەنیا یەک کەسی دیکە وەڵامی دایەوە ئەوە دەڵێم سەرلەبەری قسەکانی نێو ئەو وتارەت راست و (دۆغری)ن و ئێمە هەڵەین، بەڵام ئەگەر کەس وەڵامی نەدایەوە ئەوە داوای بووردن لە خوێنەرانی بابەتەکەت بکە و ئەگەر بە زەحمەتیشی نەزانی هەڵەکانی خۆت چاک بکەوە.

ناوی هێندێک کەسایەتیی چاک و خراپی کوردان و هێندێک نەتەوەی دیکەی بە ناسناوی ئەرێنیی و نەرێنییەوە تێکەڵ و پێکەڵ کردووە.. گوایە کە ئێمە دەمانەوێ ناسناوەکانیان بگۆڕین! ئەگەر کەسانی چاک و خراپ لای بەڕێزیان یەک شتە و دەیەوێ یەک جۆرە مامەڵەیان لەتەکدا بکا ئەوە لای ئێمە یەک نین و هەرگیز باسی کەسە نەرێنییەکان بابەتی ئێمە نییە جا هەر جۆرە ناسناوێکیان هەبێ. باسی کەسە چاکەکانیشمان نەکردووە کە ناسناوی ئەرێنییان هەیە و گوایە دەمانەوێ ناسناوی خۆیان بگۆڕن. رووی دەمی ئێمە تەنیا لە نووسەر و رۆژنامەنووسە نوێخوازەکانی نێو میللەتەکەی خۆمانە لە کوردستانی باشوور - کوردانی رۆژهەڵات و باکوور ناگرێتەوە چونکە ناسناوەکانی ئەوان بە پێی سیستەمی ناسناو لەو دوو بەشە بە تۆبزییە - کە ئێمە نامانەوێ بابەتەکانیان بە ناسناوی نەرێنیی بڵاوبکەینەوە.. ئەگەر بتوانن بیگۆڕن ئەوە باشە و کارێکی چاک دەکەن ئەگەر نا ئەوە هیچمان لە هیچ و هەر کەسەو لە ماڵی خۆی، (بەختیار عەلی)یش لای من نە رۆماننووسە و نە شاعیرە چونکە کەسێک بە ناوی رۆماننووس و شاعیر خۆی بخاتەڕوو دەبێ بە لایەنی کەم زمانەکەی خۆی باش بزانێ یان شارەزاییەکی باشی لەسەر ئەو زمانە هەبێ کە پێی دەنووسێ، ئەوەتە ئەو تەنانەت نازانێ ناوی کۆ(شیعر)ێکی خۆی بە کوردییەکی رەوان بنووسێ* جا هەر دەبێ بۆ کاری رووکەشانەی خۆی بە دوای ناوی سەیروسەمەردا بگەڕێ تا خوێنەرە کرچوکاڵەکانی پێ هەڵبخەڵەتێنێ.. دیارە لە رووی هزرییشەوە زۆر کۆڵەوارە و تەنیا وتەی ناوداران بە سەقەتیی کاوێژ دەکا، بۆیە کەس پێویستی بەو ناوە عەنتیکانە نییە کە لە نێو قسە بێسەروبەرەکانی بە ناو رۆمانەکانی بەختیار عەلی هاتوون.

هیچ مەرج نییە ناسناو کەسێتیی و مێژوو و ژیان و پاشخانی خاوەنەکەی بێ وەک کاک ئەمجەد دەبێژێ، ئێمەش گاڵتەمان بە هیچ ناسناوێک نەکردووە بەڵکە گوتوومانە ناسناوی جوان و پێشقەرۆیانە هەن و ناسناوی کرێت و پاشداماش هەن و ئێمە لەگەڵ ئەوەی دووەم نین، هەر کەسێکیش لەگەڵ ئەوەی دووەمە با هەر بۆ خۆی کرێتیی و پاشدامایی لە مێژووی خۆی بۆ ئێستا و نەوەکانی داهاتوو تۆمار بکا.

بێگومان دەبێ ببووری؛ ئێمە جارنامەمان بڵاونەکردبۆوە.. بەڵکە روونکردنەوەیەکمان نووسیبوو، دیوەخانیشمان نییە.. بەڵکە ماڵپەڕێکمان هەیە، بە پێچەوانەی بۆچوونەکەشت ئێمە بابەتی هەموو ئەو کەسانەمان بڵاوکردۆتەوە کە هەر چییەکیان لەبەربووە یان سەر و سمێڵ و ردێنیان هەر چۆنێک بووە یان بە هەر زمانێک قسەیان کردووە یان چ دین و مەزهەبێکیان هەیە و هەر چییەکیان پەرستووە یان بە هەر شێوە و جۆرێک بوونە، هیچیان رێگەی هاتنە نێو (ئەمرۆ)یان لێ نەگیراوە ئەگەر بابەتەکانیان و ناسناوەکانیان دژ بە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤەکان نەبووبن. مرۆڤدۆستیی و ئازادیی و دیموکراسیی ئەوە نییە کە دەزگەیەک ناچار بکرێ لە راژەی ناسناوی کۆنەپەرستانە بێ، بەڵکە ئەوەیە وەک چۆن تۆ بە ناسناویی (شاکەلی) دەنووسی کە دژ بە تێڕوانین ئێمەیە.. ئێمەش ئازادین بابەتت بۆ بڵاونەکەینەوە کە تۆ پێت ناخۆشە.

ئێمە ماڵپەڕێکی سەربەخۆین و سەر بە هیچ دەزگەیەکی فەرمیی نین تا ناچار بین سەبارەت بە ناو و ناسناو پەیڕەوی سیستەمی سەقەتی کوردستان و عێراق یان سیستەمی سەقەتی وڵاتانی ئەوروپا و هەر وڵاتێکی دیکە بکەین! ئەگەر بە رای ئێمە بێ، پێمان باشە هەر کەسێک کە ناوێکی هەیە ناسناوێکی جوان و لەبار و ئەرێنیی بۆ خۆی دابنێ کە هیچ پەیوەندییەکی بە ناوی ناوچەیی و دینیی و خێڵەکیی و (کەسێتیی و مێژوو و ژیان و پاشخانی کەسەکە) و تەنانەت دایک باوک و خزمانی کەسەکەشەوە نەبێ، سەرەڕای ئەو رایەشمان هێشتا هەر دەبێ خەڵک ئازاد بێ کە چ ناسناوێک هەڵدەبژێرێن بەڵام هێشتا ئەوە هەر مافی خۆمانە کە ناسناوە کۆنەپەرستییەکانی نووسەران و رۆژنامەنووسانی ئێستای لای خۆمان بڵاونەکەینەوە.. چونکە وەک چۆن ئازادیی بۆ بەرامبەرەکانمان بە پێویست دەزانین بۆ خۆمانیشی بە پێویست دەزانین.

دەسەڵاتی کوردستانی باشوور تا پشت بە گەل نەبەستێ کە یەکێک لە ئامانجەکانیان سەربەخۆیی کوردستانە هەرگیز ناتوانێ بە کارێکی سادەی وەک دانان یان سەپاندنی سیستەمی ناسناو خۆی لە عێراق جودا بکاتەوە، مرۆڤەکان وەک چۆن هیچ سیستەمێکی داسەپاویان پێویست نییە هیچ سیستەمێکی داسەپاوی ناو و ناسناویشیان پێویست نییە، بەڵکە پێویستە خەڵک ئازاد بن لەوەی هەر جۆرە ناو و ناسناوێک هەڵدەبژێرن .

تاکە یەک وشەی زۆر باو کە ئەمن لە ژیانی خۆمدا باوەڕم پێی نەبووە و هەرگیز باوەڕیشم پێی نابێ ئەو دیموکراسییەیە کە تا ئێستا بە شێوەی جودا جودا لە زۆر شوێنی جیهان پەیڕەو دەکرێ، چونکە ئەوە دیموکراسیی نەبووە و لەسەر خوێن و ئارەقەی چینە هەژار و چەوساوەکان پەیڕەو کراوە و ئەمن ناوم لێ ناوە (دیموکراسییە پەڕپووتەکە)، کەسی دیموکراسیی راستەقینە بە یەک چاو و بە یەکسانیی تەماشای هەموو مرۆڤێک دەکا وەک مرۆڤ و ماف و ئازادییەکانی هەموو کەسێکیش دەسەلمێنێ بەڵام هەرگیز ئەو جیاوازییانەی پێ قەبووڵ ناکرێ کە دژ بە مرۆڤن و مرۆڤەکان لەسەر بنچینەی خێڵ و ناوچە و رەنگ و دین و رەگەز و... هتد تەخشان و پەخشان دەکا و هێندێکیان لەسەر هێندێکیان بە گەورەتر و باشتر و نایابتر و... هتد پێشان دەدا.. ناسناوی کۆنەپەرستانەی خێڵەکیی و ناوچەگەریی و دینییش یەکێکە لەو جیاوازییانە.

زۆربەی هەرە زۆری یاسا و رێساکانی لای خۆمان و رۆژاواش یاسا و رێسای خراپن چونکە دەسەڵاتدارە چەوسێنەرەکان بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان دایانڕشتوون.. یاسا و رێسایە چاکەکانیش کە زۆر کەمن و خراپیش جێبەجێ دەکرێن لە

ژێر هەژموونی خەڵکی چەوساوە داندراون، ئەوە راستە یاسا چاکەکان لەو وڵاتانە زۆرترن کە خەڵکە چەوساوەکەی هۆشتیارترن، بەڵام ئەوە واتای ئەوە ناگەیەنێ یاساکانی وڵاتانی رۆژاوا هەر هەموویان لە یاساکانی لای خۆمان باشتر بن، نموونەش بۆ ئەوە خوێندنی زانکۆ لە کوردستان بە شێوەیەکی یاسایی بە خۆڕاییە بەڵام لە وڵاتێکی وەک بەریتانیا بە (پارە)یە و زانکۆ باشەکانیشیان گرانترن و خەڵکانی هەژار زۆر بە زەحمەت دەتوانن لە زانکۆ بخوێنن بە تایبەتییش لە زانکۆ گرانەکان کە ئاستی خوێندن تێیاندا باشترە، لە بەریتانیا یاسایەک هەیە کە دەبێ هەموو ماڵێک بۆ تەماشاکردنی تەلەفزیۆن مۆڵەت دەربکا کە ساڵانە پارەیەکی زۆری دەوێ.. بەڵام لە لای خۆمان نەک تەماشاکردنی تەلەفزیۆن بە خۆڕاییە بەڵکە یاسایەکی لەو جۆرە هەر بوونیشی نییە، ئەوە راستە ژیان لە بەریتانیا زۆر باشتر و پێشکەوتووترە بەڵام وەک چۆن ژیانی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشانی لای خۆمان کە یاساگەلێک بەڕێوەی دەبا بە بەراورد بە ژیانی دەوڵەمەندان و دەسەڵاتداران زۆر ناخۆش و خراپە.. بە هەمان شێوە ژیانی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشانی بەریتانیاش کە یاساگەلێک بەڕێوەی دەبا بە بەراورد بە ژیانی دەوڵەمەندان و دەسەڵاتداران زۆر ناخۆش خراپە، هەر کاتێکیش دەوڵەمەندان و دەسەڵاتدارانی لای خۆمان چوونە ئاستی دەوڵەمەندان و دەسەڵاتدارانی بەریتانیا ئەوە خۆیان بۆ بەڕێوەچوونی سیستەمەکەیان ناچار دەبن لەژێر کارتێکردنی هۆشیاریی خەڵکی هەژار و چەوساوە یاساگەلێکی لە بابەتی ئەوەی بەریتانیا دابنێن کە بۆ خەڵکی هەژار و چەوساوەی بەریتانیا خراپن، بەڵام ئێستا کێشەکە بەو جۆرە نییە و بزووتنەوەی جیهانگەریی بە سوودوەرگرتن لە دەستکەوتە زانستییەکان خەریکە گشت جیهان دەکا بە یەک و لەو نێوەش بزووتنەوەی سەر بە چینە چەوساوە و زەحمەتکێشەکان لە هەموو جیهان دەیانەوێ یاساگەلێکی زۆر مرۆڤپەروەرانە بۆ هەموو جیهان بێتە کایەوە و ئەو یاسا بەناو چاکانەی رۆژاوا تێپەڕێنێ، بۆیە پێویست نییە ئێمە لاسایی بکەینەوە و یاساگەلی رۆژاوا کە بەرێزتان پێی سەرسامن بەڵام بۆ خەڵکی رۆژاوا خراپن لەسەر میللەتی خۆمان بە تۆز و خۆڵەوە ساغ بکەینەوە، ئێمە تەنیا بەوە لە کاروانی گەلان دواناکەوین کە بە دوای باشترین و مرۆپەروەرترین یاساگەلێکەوە بین نەک کۆنە یاساگەلی رۆژاوا کە ئێستا خەڵکی رۆژاوا خۆیان لێیان بێزارن و بوونەتە هۆیەک بۆ چەوساندنەوەیان، ناسناوەکەی ئەورووپاش جگە لەوەی جۆرێک لە خۆپەرستیی خێزانیی پێوە دیارە نێرسالاریشە.. زۆربەی هەرە زۆریان ناسناوی پیاوەکە هەڵدەگرن و ئەگەر تاکوتووکێکیش ناسناوی ژنەکە هەڵدەگرن ئەوە ناسناوی ژنەکەش هەر ناسناوێکی نێرە، جا باشترێکە خەڵکی خۆمان ناچار نەکەین لاسایی ئەو جۆرە یاسایەی ناسناو بکەنەوە بەڵکە خەڵک ئازاد بن چ ناسناوێک هەڵدەبژێرن یان هەر ناسناویان نەبێ.. لە رێگەی بەرنامەگەلێکی هۆشیارکردنەوەش کۆشش بکرێ کە پێویستە دەزگەگەلێکی سەر بە گەل ئەنجامی بدا خەڵک هان بدرێن کە ئەگەر ناسناویش هەڵبژێرن ئەوە با لە ناسناوی نەرێنیی و کۆنەپەرستانە دوور بکەونەوە.

**قوڕ بە سەر ئەو ئازادییانەی لە گشتاندن و لە گفتار جوانن و لە رەفتاریش کارەساتگەلێک بە سەر مرۆڤەکان دەهێنن!**

**کاک ئەمجەد لە نێو خاڵێکی بابەتەکەیدا دەبێژێ: "خەڵک ئازادە لەوەی چی ناوە و چی لەبەر دەکا و چ دەخوات و چ ڕەنگێکە و چ ئایین و چ سێکسێکی هەیە. خەڵک ئازادە لەوەی خودا دەپەرستی یا شەیتان، هاوسێکسبازە یا وەک ژن و مێردایەتی دەژی، کراسی سوور لەبەر دەکات یا ڕەش، حەزی لە جازە، ڕۆکە، پەپە یا شمشاڵ، گۆشتخۆرە یا ڕووەکخۆر)،"، هەرچەندە ئەو جۆرە ئازادییانە هیچ رەوایەتییەک بەو ناسناوانە نادەن کە مرۆڤ دەیانبیستێ وا دەزانێ لە دیوەخان و تەکییە و مزگەوتان دانیشتووە! بەڵام لەبەرئەوەی تێڕوانین و خوێندنەوەی جۆراوجۆر لە بارەیانەوە هەن دەکرێ ئێمەش بەو شێوەیەی خوارەوە هێندێک سەرنجیان لەسەر دەرببڕین:**

• **هەر کەسێک ئازادە چ ناوێک لە خۆی دەنێ.** لێ زۆر خراپە ناو لە خۆ بنێی (دەرد، رشانەوە، مرۆکوژ، چەوسێنەر، گەمژە، نابووت، سەرسەری، ترسنۆک، شەرخواز، چەتە و... هتد.) چونکە ئەو ناوانە خراپەکاریی دروست دەکەن و مرۆڤ بێزی لێیان دەبێتەوە. لەبەر ئەوە باش نییە هەر ناوێک لە خۆ بنێی.. هەروەک چۆن ناسناوی بنەماڵەیی و ناوچەگەریی و دینیی و لەو بابەتانەش لەو ناوانەی سەرەوە نابەجێتر و نەرێنییترن .

• **هەر کەسێک ئازادە چ لەبەر دەکا.** لێ زۆر خراپە جلکی زبر و پیس لە نێو ئاپۆرەی خەڵک لەبەر بکەی و زیانیان پێبگەیەنی یان مەلایەک بە مێزەر و کەوا و سەڵتەوە بچێ لە دیسکۆیەک بخواتەوە و سەما بکا یان کەسێک بە مەمکدان مایۆیەکەوە بچێ لە مزگەوتێک بۆ نوێژکردن قوونی قووچ بکاتەوە و... هتد، چونکە جگە لەوەی ئەو جۆرە جلکانە بۆ ئەو شوێنانە نالەبارن هیچ نەبێ هێندێکیان زۆرێک لە مرۆڤەکان بۆیان هەرس ناکرێن بۆ سەردەمی ئێستا. لەبەر ئەوە باش نییە هەرچییەک پێت خۆش بێ لەبەری بکەی چونکە زیان بە خەڵکی دیکە دەگەیەنێ.. هەروەک چۆن ناسناوی بنەماڵەیی و ناوچەگەریی و دینیی و لەو بابەتانەش باش نین چونکە زیان بە خەڵک دەگەیەنن و گوڕاحی پێشکەوتخوازیی تێک دەدەن و هەست و خولیای رەگەزپەرستیی و جیاوازییەکان خەستتر دەکەنەوە.

• **هەر کەسێک ئازادە چ دەخوا.** لێ زۆر خراپە مرۆڤ داودەرمان بۆ سەرخۆشبوون و مادە هۆشبەرەکان و زۆر مادەی دیکە کە زیان بە تەندروستیی دەگەیەنن بەکاربهێنێ کە زۆربەی کات بەکارهێنانی ئەو جۆرە مادە زیانبەخشانە هەر تەنیا زیانی بۆ کەسی بەکارهێنەر نییە بەڵکە زیانی بۆ گشت خەڵک هەیە و چەندین نەخۆشیی ئاسایی و کۆمەڵایەتییش لە نێو کۆمەڵ بڵاودەکاتەوە. لەبەر ئەوە باش نییە هەرچی حەزت لێی بوو بیخۆی یان بیخۆیەوە چونکە زیان بە تەندروستیی دەگەیەنن.. هەروەک چۆن ناسناوی بنەماڵەیی و ناوچەگەریی و دینیی و لەو بابەتانەش حەزی کەسانێکن لێ مرۆڤ دووچاری شانازیی بەخۆکردن و لووتبەرزیی و گۆشەگیریی دەکەن.. ئەوەش بۆ خۆی لەو خواردن و خواردنەوە خراپانە پتر زیان بە تەندروستیی مرۆڤ دەگەیەنن و تووشی چەندین نەخۆشیی دەکەن .

• **چ رەنگێکە؟!** ئەوە هەر پێ دەچێ بۆ کێش یان رێکخستنی رستەکەی بە سەری وەنابێ یان هەر بۆ خۆ نیشاندان بەوەی کە دوورە لە هزری جوایەزییکردن لە نێوان رەنگەکانی مرۆڤ، جگە لەوەی مرۆڤ بە دەستی خۆی نییە چ رەنگێکە.. هەر شەرمیشە هێشتا هەر باسی ئەوە بکەین کە پێویستە هەر مرۆڤێک ئەوە لە مێشکی خۆی دەربهێنێ کە بەرامبەرەکەی چ رەنگێکە! ئەو کەسانەی کە بە نەشتەرگەریی و داودەرمانیش رەنگی پێستیان بۆ رەنگی پێستی مرۆڤی زاڵ دەگۆڕن ئەوە جگە لە گەمژەییەکەیان هزری رەگەزپەرستیی لە ناخەوە دایڕزاندوونە هەرچەندە لە رووکەشیشدا دژ بە رەگەزپەرستیی قسە دەکەن، نموونەی ئەوەش گەورە گۆرانیبێژیی جیهانی (مایکل جاکسن)ە کە لەگەڵ ئەوەی هونەرێکی بەرزی لابوو و بە قسەش دژ بە رەگەزپەرستیی بوو کەچی زۆر زۆر گەمژانە بە نەشتەرگەریی رەنگی خۆی گۆڕی کە بە هۆیەوە کۆمەڵێک زیانی گەورەی بە خۆی و بە مرۆڤەکان گەیاند: (بە فیڕۆدانی پارەیەکی زۆر بە شێوەیەکی ناشایستە، خۆ ناشیرنکردن، دروستکردنی ئەو هەستە رەگەزپەرستییەی باشتر پیشاندانی رەنگێک لەکن سەرجەم مرۆڤە ناهۆشیارە رەنگ جیاوازەکان، بەرانگژبوونەوەی ئەو کەسانەی کە دژ بە رەگەزپەرستیی جیاوازکاریی رەنگن، رەنگە نەشتەرگەرییەکانی بۆ رەنگ گۆڕین و بێنەوبەردەکانی لەگەڵ دکتۆر و دەستە مافیاییەکان هۆکارێک بووبێ لە هۆکارەکان بۆ گومانی لەنێوچوونی خۆی)، ئەو نموونەیە رێک بۆ (کاک ئەمجەد)یش هەر راستە؛ چونکە

ئەویش لەگەڵ ئەوەی نووسەرێکی باشە و جێپەنجەی دیارە لەنێو فەرهەنگی رۆشگەرانەی کوردی و بە قسەش کەمی تێدا نەهێشتۆتەوە کەچی (شاکەلی)یەکی بە خۆی وەناوە و گوێش ناداتە ئەوەی کە (ئەمجەد)ی رۆشنگەر ملکەچ بکا و بهێنێتە ئاستی (ناوی بنەماڵە یان خێڵ یان ناوچەیەک...) کە دەیەوێ تێیدا لە لایەک بە خەڵکانی (بێکەس و بێ قۆناغ و ناکەس بەچە، رەشورووتی بێ بنەماڵە و ئێل و عەشیرەت، رەوەند و دۆم و قەرەج، بێ زەوی و بێ خانوو و بێ گوند و بێ شار!!!!) بڵێ: "ئاگاداربن.. ئەگەر هەر یەک لە ئێوە وەکو منیش مامۆستا و نووسەر و رۆشنگەر بن هێشتا هەر ئەمن لەسەر ئێوەم هەیە چونکە ئێوە پێگەتان بەرامبەر بە من لاوازە و ئەمن خانەدان و خاوەن مەقام و قۆناغدارم و (شاکەلی)م!" هەروا لە لایەکی دیکەش بە خەڵکانی (ئاغا و شێخ و بەگ و بەگزادە و کوێخا و مەلا و مەلازادە و چەلەبی و قاچاغچی و بازرگان و سەرمایەدارنیش) بڵێ "ئێوەش ئاگادار بن.. نەخەڵەتابن وا تێبگەن کە ئەمن هەر تەنیا مامۆستایەکی ناسک و نازدارم و هەر خەریکی پێنووس و پڕکردنەوەی پەڕاوانم! بەڵکە ئەمنیش وەک ئێوەم و لە ئێوەش خانەدانتر و خاوەن مەقامتر و قۆناغدارترم.. هەر خۆم توند بکەمەوە (هەفت هەفت)تان لە داوێک دەخەم و بۆ سەر ئاوتان دەبەم و بێ ئەوەی ئاویشتان پێ بدەم دەتانهێنمەوە، بەڵام چی دەکەی لەگەڵ سەردەم و دەبێ ئێمەش وەک بنەماڵەی خۆمان هێندێکمان خۆمان بخەینە نێو بواری مامۆستایی و نووسین و ئەم شتۆکانە.. ئەوەش پێویستییەکی سەردەمە."!

• **هەر کەسێک ئازادە چ دینێکی هەبێ.** لێ زۆر خراپە لە منداڵییەوە دینێکت بە سەردا بسەپێندرێ و لە گەورەییشدا لە ژێر حوکمی دابونەریت و پەیوەندییە باوەکان نەتوانی دینێک بۆ خۆت هەڵبژێری کە لە نێو قەڵەمڕەوی هەر دینێک زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی دینیان هەیە جا بە ئاگان یان نائاگان دینەکەیان بەسەردا سەپێندراوە، هەروا زۆر خراپە بە هۆی دینەکەت جا بەسەرتدا سەپێندراوە یان هەڵتبژاردووە ئەو ماف و ئازادییانە لە خەڵک بستێنیەوە تەنیا لەبەر ئەوەی لە دینەکەی تۆدا بوونیان نییە و تووشی چەوسانەوە و شەڕ و کوشتن و کارەساتی جوراجۆریان بکەی، دین چوارچێوەیەکی داخراو و مێگەلیی و یەک رەنگیی و یەک دەنگیی و سەرکوتگەریی و رەگەزپەرستانە بۆ مرۆڤەکان دەکێشی، کە تۆ دینێکت هەیە یان راستتر بێژین بە سەرتدا سەپێندراوە مافی ئەوەت نییە بە ناوی پەیڕەوکردنی دینەکەت مرۆڤەکان لەو چوارچێوانەی خۆت یان هەر چوارچێوەیەکی دیکە بگری. بەڵام دیارە کە خودی دین بە بێ ئەو چوارچێوانە بوونی نییە و وەک یانەیەک یان قاوەخانەیەکی لێدێ ئەویش یانە یان قاوەخانەیکی پیس و خراپ کە زیانەکانی پترن لە قازانجەکانی. لەبەرئەوە باش نییە بە ناوی هەبوونی دین ئەو چوارچێوانە بۆ مرۆڤەکان بکێشرێن.. هەروەک چۆن ناسناوی بنەماڵەیی و ناوچەگەریی و دینیی و لەو بابەتانەش یەک دونیا چوارچێوە و جیاوازیی دروست دەکەن کە جگە لە جێبەجێکردنی حەزی بە خۆنازینێکی کۆنەپەرستانە و رگەزپەرستانە هیچ سوودێک بە مرۆڤ ناگەیەنن.

• **چ سێکسێکی هەیە؟** ئەگەر مەبەست لەوە جۆر یان رەگەزی نێر و مێ و نێرەمووکە - بە هەردوو لایەنیەوە -ە.. ئەوە مرۆڤ بە دەستی خۆی نییە کە کامیانە، هەر کەسێکیش بە کەسێکی دیکە بڵێ بۆ ئەو جۆرە یان ئەو رەگەزەی؟ ئەوە هەر مرۆڤ نییە یان مرۆڤەکی چەوسێنەرە، ئەو کەسانەی کە بە هۆی نەشتەرگەرییش رەگەزی خۆیان دەگۆڕن ئەوە پێویستە ئازاد بن.. بەڵام لە سەردەمی ئێستا وێدەچی زیانی پتر بێ لە قازانج چونکە هێشتا زانست لەبەردەستی خەڵکێکی چەوسێنەر دایە و خەرجییەکی زۆری تێدەچێ بۆ خەڵک بە تایبەتی بۆ خەڵکە هەژار و چەوساوەکان کە ناتوانن بە ئاسانیی و بە پێی حەزی خۆیان رەگەزی خۆیان بگۆڕن.. رەنگە هێندێک زیانیشی هەبێ لەوەی کە وێدەچێ

ڕەگەزی ڕەسەن و سروشتیی مرۆڤ باشتر و ئەرێنیتر بێ لە ڕەگەزێکی گۆڕدراو یان دەستکارییکراو.. ئەوە بۆ تایبەتمەندکارانی زانستی پزیشکیی جێدەهێڵێن و پێویست ناکا ئێمە دەستی تێوەربدەین. ئەگەر مەبەستیش لە (چ سێکسێکی هەیە؟) شێوەی جووتبوونە.. ئەوە هەر کەسێک ئازادە چۆن سێکس دەکا بەڵام بە مەرجێک زیان بە بەرامبەرەکەی و بە کۆمەڵ نەگەیەنێ و نەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی تەندروستیی و کۆمەڵایەتیی و هەر جۆرە نەخۆشییەکی دیکە لە نێو کۆمەڵ .

• **خەڵک ئازادە لەوەی خودا دەپەرستی یا شەیتان.** هەرچەندە لە ڕوانگەی ئەوەی کە تا ئێستا زانست پێی گەیشتووە ئەو دووانە - خودا و شەیتان - هیچیان بوونیان نییە، لێ چ قەیدی هەیە.. ئەوانەی تا ئێستا مێشکیان زانست وەرناگرێ و باوەڕیان بە یەکێک لەو دووانە هەیە با بۆ خۆیان ئازاد بن، بەڵام نابێ ئەوانە بە هۆی ئەو ئازادییەیان خەڵکانی دیکە بچەوسێننەوە کە باوەڕیان بەو دووانە نییە.. هەروا نابێ منداڵان بە تۆبزیی ڕابهێنن بۆ ئەوەی یەکێک لەو دووانە هەڵبژێرن بەڵکە دەبێ بۆ خۆیان ئازاد بن و پاش ئەوەی لە هەرزەکاریی تێدەپەڕن بۆ خۆیان بڕیار بدەن کە چی هەڵدەبژێرن یان هەر هیچ هەڵنابژێرن. لەبەرئەوە باش نییە بە هۆی هەڵبژاردنی شتێک گرفتان بۆ خەڵکانی دیکە دروست بکەی.. یان کەسانێک وا لێ بکەی بە تۆبزیی شتێک هەڵببژێرن.. یان خۆت ئازاد نەبی لە هەڵبژاردن، وەک چۆن هەڵبژارنی ناسناوی بنەماڵەیی و ناوچەگەریی و دینیی و لەو بابەتانەش گرفتی پاشامایی و ڕەگەزپەرستیی بۆ خەڵکانی دیکە دروست دەکا، زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی ئەو جۆرە ناسناوانەش هەڵدەبژێرن ئازاد نین و بە ناچاریی لە ژێر هەژموونی کەش و بارێکی جیاوازکاریی لە پێناو هێندێک بەرژەوەندیی خۆپەرستانە و دژەمرۆییانە ئەو ناسناوانە هەڵدەبژێرن .

• **هاوسێکسبازە یا وەک ژن و مێردایەتی دەژی.** هەر کەسێک پێویستە ئازاد بێ و مافی خۆیەتی هاوسێکسباز بێ واتە مێ و مێ یان نێر و نێر پێکەوە بژین و سێکسی خۆیان بکەن یان ژن و مێرد بن.. نێرەمووکیش بە هەمان شێوە هەر پێویستە ئازاد بێ و مافی خۆیەتی لەتەک ژنێک یان پیاوێک یان لەتەک نێرەمووکێکی دیکە بژێ. هەبوون یان پێکەوەژیانی ژن و مێرد لە هەموو کۆمەڵێکدا دیاردەیەکی ئاساییە و هیچ قسەیەک هەڵناگرێ تەنیا ئەوە نەبێ کە پێویستە لە ڕاستییدا وەک ژن و مێرد بژین واتە وەک یەک سوود لە یەک وەربگرن و یەکیان ئەویدیکە نەچەوسێنێتەوە، لێ ئەو ژن و مێردایەتییەی تا ئێستا لە جیهان باوە بە شێوەیەکی گشتیی ژن و مێردایەتییەکی زۆر نەرێنییە چونکە تا ئێستاش کۆمەڵی نێرسالاریی و پیاوسالاریی زاڵە و لە زۆربەی هەرە زۆری ژن و مێردایەتییەکاندا پیاوەکان ژنەکان دەچەوسێننەوە و ژنەکانیش زۆربەی کاتەکان بە ناچاریی تووشی ئەو ژن و مێردایەتییە بوونە و لە هەموو ڕووێکەوە هەر ماف و ئازادییەکانیان پێشێل دەکرێن؛ لە سێکس و لە مادە و ماڵ و لە منداڵ دروستکردن و لە منداڵ بەخێوکردن و لە ماف بەسەر منداڵ و لە کار و خزمەتی نێو ماڵ و لە پەیوەندیی لەگەڵ خزمان و دۆست و ناسیاوان و لە گەشتوگوزار و لە بڕیاردان لەسەر هەر شتێک تا دەگاتە بڕیاری جودابوونەوە و... هتد، بێگومان ژن و مێردایەتی کێشەی دیکەی زۆرن و تا دێ لەگەڵ پێشکەوتنە نوێیەکانی ژیان پتر ناکۆک و ناتەبا دەبێ و لە ئایندەشدا مرۆڤ هەر ناچار دەبێ بیخاتە نێو زبڵدانی مێژوو. هاوسێکسبازییش کە مافێکی سادەی مرۆڤەکانە و تا ئێستا بە شێوەیەکی گشتیی لە نێو هیچ کۆمەڵێک جێکەوتە نەبووە و بە نەنگ و شوورەیی لە لایەن تێڕوانین و هزری باوەوە تەماشا دەکرێ و تەنانەت بە توندترین شێوەش دژایەتیی دەکرێ و ماف و ئازادییەکانی هاوسێکسبازەکانیش بەوپەڕی دڕندەیی پێشێل دەکرێن، بێگومان پێویستە ئەو چەوسانەوەیەش بنەبڕ بکرێ.

جا ئەوە کۆنەپەرستیی و سەرکوتگەریی دینیی و خێڵەکیی و بنەماڵەیی و ناوچەگەریین بە هاوکاریی و هەرەوەزیی دەسەڵاتدارە چەوسێنەرەکان و بە پشبەستن و دەستگرتن بە دابونەریتە دارزیوەکان بەرانگژی هاوسێکسبازیی دەبنەوە و دەبێژن: "نابێ هاوسێکسبازیی ئازاد بێ، ئەگەر نا ئەوە لە نێوتان دەبەین!" نەک نووسەران و رۆژنامەنووسانی نێو ماڵپەرێکی ئازادی وەک ئەمرۆ کە دەبێژن: "تکایە شانازیی بە ناسناوەکانی ئەو کۆنەپەرستییە دینیی و خێڵەکیی و بنەماڵەیی و ناوچەگەرییانە مەکەن بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەر ئازادن.. ئەگەر گوێ لە ئێمەش راناگرن ئەوە ئێمە ناتوانین لە راژەی بابەتەکانتان بین و بڵاویانبکەینەوە کە لە نێوەرۆکەکانیدا بە قسە لەگەڵ هەموو ئازادییەکن بەڵام هەڵگری ئەو ناسناوە دینیی و خێڵەکیی و بنەماڵەیی و ناوچەگەرییانەن کە دەبنە هۆی ئەوەی رێگە لە هەموو جۆرە ئازادییەک بە ئازادیی هاوسێکسبازییشەوە بگرن".

• **کراسی سوور لەبەر دەکات یا رەش.** هەر کەسێک ئازادە چ رەنگێک دەپۆشێ.. لێ ئەوە ئەو دابونەریتە سەرکوتگەرەیە کە لە ئەنجامی پایەداریی ئەو هزر و تێروانینە چەقبەستووانە خۆی سەپاندووە کە دین و خێڵ بنەماڵە و ناوچەرەگەکان بەرگریی لێ دەکەن و درێژەی پێ دەدەن.. وای کردووە بەکارهێنەرانی رەنگە جیاوازەکان لە یەک بەربن و شەڕی یەکدی بکەن.. یەکێک لە رێگەخۆشکەرەکانی ئەو دابونەریتە سەرکوتگەرەش ئەو ناسناوە کۆنەپەرست و نەرێنییانەن نەک ماڵپەرێکی رەنگاورەنگ کە تەنانەت دژی ئەو ناسناوانەشە کە تەنیا یەک رەنگ دەبینن و ئازادیی نادەنە رەنگەکانی دیکە.

• **حەزی لە جازە، رۆکە، پەپە یا شمشاڵ.** هەر کەسێک ئازادە چ مۆسیقایەکی پێ خۆشە، لێ ئەوە جیاوازکارە کۆنەپەرست و چەقبەستووەکانن خەڵکان ناچار دەکەن جۆرێک لە مۆسیقایان پێ خۆش بێ و جورێکی دیکەیان پێ ناخۆش بێ؛ بۆ نموونە موسلمانەکان دەڵێن دووزەڵە حەرامە چونکە نێر و مێی هەیە و دەچنە نێو یەک! تەنیا دەف لێدان بە مۆسیقایەکی باش دەزانن کە لەویشدا تەنیا یەک دوو ریتمی سواو و بێزارکەر لێدەدەن بۆ سەرخۆشکردن و لەخشتەبردنی دەروێشەکان، کۆنەپەرستە خێڵەکییەکان و بنەماڵەییەکان و ناوچەگەرەکانیش لایەنگیریی لەو تێروانینانەی موسڵمانەکان دەکەن و نووسەر و رۆژنامەنووسە ناسناو نەرێنییەکانیش بە هۆی ناسناوەکانیان هۆیەکن بۆ درێژەپێدانی ئەو تێروانین و کۆنەپەرستییە، نەک ماڵپەرێک کە هەر لە دمبک لێدانەوە - کە وێدەچێ کۆنترین دەنگی مۆسیقا بێ لای مرۆڤ - تا دەگاتە راپ کە نوێترین جۆری مۆسیقا و گۆرانییە.. هەر هەموویان بە هونەری جوانی مرۆڤەکان دادەنێ و بە پێی تواناش لە رووی میدیاییەوە کۆشش دەکا لە خزمەتی بەرەوپێشەوەچوونیاندا بێ.

• **گۆشتخۆرە یا رووەکخۆرە.** هەر کەسێک ئازادە گۆشت دەخوا یان رووەک یان هەردووکیان، لێ پێویستە ئاگاشمان لەوە هەبێ کە گۆشتخواردن جۆرێکە لە درندەیی سەرەتایی مرۆڤەکان کە پاشان دین و خێل و بنەماڵەکان رەواییان پێ داوە تا بەردەوام بێ و هەرگیز دەستی لێ هەڵنەگرن، هەنگاوێکی زۆر باش و ئەرێنییە ئەگەر مرۆڤ واز لە گۆشخواردن و ئەو درندەییە بهێنێ تەناتەت زۆر باشە ئەگەر کۆشش بکا و بۆی بلوێ هیچ رووەکێکیش لە کاتی زیندوویی و ژیانیدا بەکارنەهێنێ و تەنیا ئەو کاتە بەکاریانبهێنێ کە وشک دەبن یان ژیانیانیان لەبەر دەبڕێ چونکە ئەوانیش ژیانیان هەیە و پێویستییەکی ئەو ژینگە بە بایەخن کە هەموو گیانداران بە مرۆڤیشەوە تێیدا پەروەردە دەبن. جا ئەوە ماڵپەڕی ئەمرۆ نییە رێ لە خەڵک دەگرێ کە گۆشتخۆرە یان رووەکخۆرە بەڵکە دەبێژن با چەندەی دەکرێ و دەلوێ بە

**شێوەیەکی زانستییانە بە دوای خواردن و خواردنەوەکانەوە بین و کۆشش بکەین چیدی دڕندەیی بەرامبەر گیانداران بەکارنەهێنین و لەنێویان نەبەین.. بەڵام ئەوە هزری دین و خێڵ و بنەماڵەکانن هەر بە گۆشتخواردن و بە دڕندەییانەوە گرتووە و ڕێگە لە جۆری هەڵبژاردنی مرۆڤەکان دەگرن و گاڵتەش بەو کەسانە دەکەن کە دەیانەوێ سوود لە پێشکەوتنی زانست وەربگرن یان بە لایەنی کەم وەک سەرەتایەک واز لە خواردنی گۆشت بهێنن.**

**لە کۆتاییدا دەبێژین: هیواداریین سوودێکمان بە خوێنەران و بابەتەکەی کاک ئەمجەدیش گەیاندبێ، ئەگەر هەر وشە یان ڕستەیەکی نێو ئەو بابەتەی ئێمەش هەستی کاک ئەمجەدی ڕووشاندبێ یان وەک بچووکترین هێرش بێتە بەرچاوان بۆ سەر کەسایەتیی ئەو.. ئەوە بێگومان مەبەستی ئێمە نەبووە و نییە و داوای بووردن دەکەین، چونکە ئێمە جگە لە ڕێز و خۆشەویستیی هیچ گرفتێکی کەسییمان لەگەڵ ئەو نییە و نابێ.. بەڵکە بە پێچەوانەوە ڕێزی زۆریشی لای ئێمە هەیە، بەڵام لە مەسەلەی (ناسناوی خێڵەکیی و ناوچەگەریی..) پێچەوانەین و هەر کەسێکیش ئازادە تێڕوانینی چۆنە وەک ئەوەی ئێمەش لە سەرەوە تێڕوانینی خۆمان لەو بارەوە بە درێژیی خستەڕوو.. ئومێدەوارین بە سینگێکی فراوان وەریبگرێ.**

---

*** لە (ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتی دوژمندا) کە دوا کۆ(شیعر)ی بەختیار عەلییە، تەنیا ئەو دوو ڕستەیەی سەرەوەم بینییەوە کە لە شیعر بچن. باسی هەڵەی ڕێنووس ناکەم کە لە ژمارە نایە و تەنانەت لە ناونیشانی (دیوان)ەکەیشیدا هەیە، ئاخر دەبوو بنووسێت: ئەی کەشتیی دوژمن، چونکە کەشت، مانای نییە. جێی بایەخە، زۆر جار هەڵەی ڕێنووس، هەڵەی لە واتا و لە ڕێزمانیشدا بە دوادا دێت. (حەمەسەعید حەسەن).**

daraehmed@yahoo.com